# چەمكی لەخۆدەرچون لای ( نالی و متنبی)

## لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاری

ئارام قەرەداغی
Aram_qaradaghi@hotmail.com



سەرەڕای ئەو كاریگەری و كارتێكردنە زۆرەی لەنێوان هەردو ئەدەبی كوردی و عەرەبیدا هەیە, دەبینین ئەو لێكۆڵینەوانەی كراون لەنێوان ئەم دو ئەدەبەدا زۆر سنوردار و كەمن سەرەڕای ئەو مادە زۆرەی كە هەمانە بۆ بەراوردكاری بەو پێیەی زۆرێك لەشاعیرە كوردەكانی پێشو شارەزایەكی تەواوی زمانی عەرەبی بون و یەكێك بون لە خوێنەرە هەرە باشەكانی ئەم زمانە لەناو ئەدەبیاتی زمانی عەرەبیدا بەتەواوی قوڵبوبونەوە كە لە دەرئەنجامدا ئەدەبیاتی عەرەبی كاریگەری خۆی بەسەر كەم تا زۆریانەوە جێهێشت, كە ئەتوانرێ ئەم كاریگەربونە بكرێتە جێگای باس و لێكۆڵینەوەی بەراوردكاریانە.

ئەوەی لێرەدە من دەمەوێت تیشكی بەراوردكاری بخەمە سەر, ئەو دو شاعیرەن كە هەریەكەیان لە سەردەمی خۆیاندا یەكێك بون لە پێشەنگ و شاعیرە دیارەكان , كە ئەویش حەزرەتی نالی بابان و متنەبی سەردەمی عەباسیە, یەكێك لە سیما دیارەكانی ئەم دو شاعیرە معجەب بونە بە خودی خۆیان تا ئەو ڕادەیەی دەوروبەری خۆیان ڕەتكردۆتەوە ئەمە لەكاتیكدا متنبی لەدەوروبەری خۆی ابو تمام و ابو فراس و ابو عتاهیەو كۆمەڵێك كەڵە شاعیری تریشی بینیوە هەر وەك چۆن نالی سالم و كوردی لە دەوری خۆی دیوە, كە بەلای منەوە ئەم خۆ بەدڵبون و لەخۆ دەرچونەیان سودێكی زۆری هەبوە چونكە هەمو كەسێك كە داهێنانێك دەكات پێویستی بە خۆبەدڵبونێكە تا بوێرێت ئەو داهێنانە بڵاو بكاتەوە,

بۆ لێكۆڵینەوەیەكی لەم جۆرە پێویستمان بەوە هەیە زانیاریەكی خێرا لەسەر ئەدەبی بەراورد و پاشان باسێكی كورت لەچەمكی لەخۆ دەرچون بكەین,

ئەدەبی بەراوردكاری بەشێكە لە ئەدەبی گشتی و (ئەو زانستەیە كە پشت دەبەستێت بە كاریگەری و كارتێكردن لەنێوان دو ئەدەبدا كە ئەمەش ئەبێت لەنێوان نوسەرێك و نوسەرێكی دیدا بێت یان تەوژمێكی فیكری و یەكێكیترابێت, هەر وەها دەگەڕێت بەدوای گوێزانەوەی ڕەگەزەكانی ئەدەب لەگەلێكەوە بۆ گەلێكی تر و بەخشین و وەرگرتن لەنێوان میلەتە جیاوازەكاندا

بەگشتی مەرجی سەرەكی ئەدەبی بەراوردكاری ئەوەیە كە دەبێت بەراوردكردن لەنێوان دو زمانی جیاوازدابێت و پشت ببەسترێت بە كارلێكردن لەیەكتری, هەروەها بۆ بەراوردكاری سێ قوتابخانەی سەرەكیمان هەن ئەتوانرێت لەكاتی هەرچ لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاریدا پشتی پێ ببەسترێت ئەویش قوتابخانەی ( فەرەنسیەكان و ئەمریكیەكان و سۆڤیەتیەكانە ) كە هەریەكەیان مەرجی تایبەتیان هەیە بۆ بەراوردكاری , لێكۆڵینەوەكەی ئێمەش لەنێوان دو ئەدەب و دو زمانی جیاوازدایە , كە بەدرێژایی مێژو كاریگەری ئاشكرا بینراوە لەنێوان ئەم دو ئەدەبەدا,

هەروەها چەمگی لەخۆبایی بون یاخود لەخۆدەرچون واتا خود پەسەندكردن و عاشق بون بەخود و خۆ ژماردن بە باشترین و خود پەسەندكردن, كە ئەمە یەكێكە لە قۆناغەكانی دوای قۆناغی (العجب) كە ئەمەش ئەچێتە خانەی نەخۆشیە دەرونیەكانەوە,

ناودەبرێت بە نێرگسی کە ئەم نەخۆشیە چیرۆکێکی تایبەت بەخۆی هەیە, ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەبڵێین دوای قۆناغی خۆبەدڵبون (العجب- النرجسیە) قۆناغی لەخۆدەرچون دێت (الغرور) کە ئەم دو شاعیرە بەشێك لەدنیای شعری خۆیان بەم سیماتە پڕکردۆتەوە, لەماوەی بەراوردکاریەکەمدا هەوڵ ئەدەم بەچەند ڕویەك ئەم لەخۆدەرچونە لە چەند لایەنێکدا پۆلێن بکەم و بیانخەمە خانەی تایبەتی خۆیانەوە کە ئەمانەن:

یەکەم : هەردو شاعیر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەنگی ئەمان ڕەسەنە بەو مانایەی ئەو شیعرانەی ئەمان شیعری تەواون و ئەو کەسانەی دوای ئەمان شیعر بڵێن شاعیر نین و لەمان شعر دەدزن.
متنبی کە پێشەنگی نالیەو هەڵگری ئەم پەیامەی سەرەوەیە لە دێڕێکدا دەڵێت:

ودع كل صوت غير صوتي فإنني
انا الطائر المحكي والأخرُ الصدى[ii]

واتە دەستبەرداری هەمو دەنگێك بە یاخود واز لە هەمو شیعرێك بێنە جگە لە شیعرەکانی من نەبی, من ئەو مەلەم کە دەخوینم و قسە دەکەم جگە لەمن خەڵکانی تر هەموی دەنگدانەوەی منن, لێرەدا متنبی هێندە خۆی بەدڵە ئەگاتە ئەوەی کەبڵێت شعری من تاکە شعرێکە شایەنی ئەوەبێت کە گوێبیستی بیت جگە لەمن ئەوانەی کە شعر دەڵێن تەنیا شعری من دەڵێنەوە و دەنگدانەوەیەکن کە هەمیشە دەنگدانەوە وەك دەنگە ڕەسەنەکە نیە.
هەروەها لە دو دێڕی تردا دەڵێت

وما الدهر إلاّ من رواة قصائدي
إذا قلت شعرا فأصبح الدهر منشدا[iii]

واتا ڕۆژگار هیچ شتێك نیە جگە لە بێژەری قەصیدەکانی من نەبێ ئەگەر من شیعرێك بڵێم ڕۆژگار ئەکەوێتە گوتنەوەی ئەو شیعرەی من.
الدهر لەزمانی عەرەبیدا بەمانای ڕۆژگاردێت و بەمانی خوداش دێت , بەوپێیەی کە لەقسەیەکی پێغەمبەردا هەیە دەڵێت (جوێن بە دهر مەدەن چونکە دهر خودایە) ئەگەر بەمانای دوهەمیان بێت و مەبەستی مانای دوەم بوبێت ئەوا متنبی لەخۆ دەرچونەکەی هێندە قوڵە گەیشتۆتە ئەوەی کە خوداش بکات بەوەی لاسایی ئەم بکاتەوە و شیعرەکانی بڵێتەوە.
لە بەرامبەردا و دوای چەند سەدەیەکی زۆر شۆڕە سواری بابان لەمەڕ ئەو مەسەلەیەی کە شیعرو قەصیدەی ئەم ڕەسەن و ئەسڵن و نوسینی خەڵکانی دی دزی بن لەم, هیچ قصوری نەکردوە , وەك دەڵێت:
ئەو گەوهەرە نوکتە کە لەنالی دەدزن خەڵك
ئاوی نییە, وەك ئاگری بێ شەوقی دزانە[iv]
لێرەدا حەزرەت هیچی کەمتر نیە لەمتنبی و هەمان بۆچونی ئەوی هەیە بۆ شعری خەڵکی و شعری خۆی کە ئەکرێ بڵێن لە گەلێك جیگادا ئەم وەسفانەی بۆ شعری خۆی کردوە (شعری خەڵکی کەی دەگاتە شیعری من....هتد) حەزرەت گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە هەمو شعرەکانی دی کە بەلای جوانیدا بڕۆن لەم دزراون, شیعری ئەم گەوهەرە و شیعری خەڵکیش دزراو لەم گەوهەرانەی ئەم,
بۆ بیرو ڕای نالی لەسەر ئەم بەیتە د.مارف خەزنەدار دەڵێت (بەلای نالیەوە خەڵکی شاعیر نین کە شیعر دەنوسنەوە قسەی جوانی ئەو دەدزن قسەی جوانیش ئەگەر بدزرێت دەگۆڕێ, ئەگەر قسەی دزراو لەگەڵ ئەسڵەکەدا بەراورد بکەین ئەوا ئاشکرا دەبێت ئەمەیان چەند ئاودارو بەتام و بۆیە)[v]
لەم ڕوەی لە خۆبایی بونی ئەم دو شاعیرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەردو شاعیر پێیان وایە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوەی

خەڵك دەیڵێت دەنگدانەوەی ئەمان و دزراوە لەمان, بەڵام لەم لایەنەدا لای متنبی زیادەڕەوییەکی زۆرتر دەبینرێت چونکە زۆریك لە ڕەخنەگران بەگومانن لەوەی وشەی (الدهر) ی بەمەبەستی خودا بەکارهێنابێت بەمەش خودای خستبێتە ڕیزی ئەوانەوە کە قسەکانی ئەم بڵێتەوە.

خاڵی دوهەم (هەردو شاعیر لایان وایە ئەمان نمونەی بەرزی مرۆڤن و هیچ کەسێك لەمان ناچێت و هاوشێوەی ئەمان بونی نیە, بگرە کەسیش نیە شێوەی بەلای ئەماندا بڕوات و تاك و تەنیاو بێ هاوەڵن)

متنبی ئەو پیاوە تورەیە کە هەمیشە خودی خۆی لەهەمو شتەکانی سەر ڕوی زەوی پێ پەسەندترو بەرزتر بوە متنبی لەبواری شیعر دەچێتە دەرەوەو ڕودەکاتە هەمو مرۆڤایەتی و خۆی بەتاکە بونەوەری چاك و بێ وێنە لەقەڵەم دەدات چ لەڕوی کەسایەتی و چ لەڕوی نوسینەوە, وەك لەدێڕێکدا دەڵێت:

أمط عنك تشبيهي بما وكأنه
فنا احد فوقي ولا احد مثلي[vi]

ئەم پیاوە تورەیە لێرەدا دێتە تینی و غروری ئەگاتە ئەوەی کە بڵێت هەمو شوبهاندنێکی من بەخەڵکی لەخۆت بەدور بگرە و من مەچوێنە بە هیچ کەس و شتێك , چونکە نەکەس لەمن بەرزتر و نەهیچ کەسێکیش هاوشێوەی منە, هەروەها لە پارچەیەکی تریدا بەهەمان غرورەوە دەکەوێتەوە بەرز ڕگرتنی خۆی و دەڵێت:

أي محل أرتقي　　　　أى عظيم أتقي
وكل ماقد خلق الله　　　　وما لم يخلق
محتقر في همتي　　　　كشعرة في مفرقي[vii]

لەخۆ دەرچونەکانی هەنگاو بەهەنگاو زیاد دەکات و سات دوای سات و شیعر دوای شیعر نمونەی بەرزی خۆی ئەخاتە ڕو, لەم پارچەیەی سەرەوەدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکات هەمو شوێنەکانی دنیاو هەمو کەسە گەورەکان هەمو ئەو بونەوەرو مرۆڤانەی کە خودا دروستی کردون لە ڕابردوداو هەروەها ئەوانەی کە دروستیشیان دەکات لەدوای متنبی, لەئاستی شەهامەت و گەورەی ئەمدا هێندە سوك و بێ نرخن وەك یەك تاڵ موی بن باڵی خۆی تەماشایان دەکات, پێویستە ئەوە بوترێت ئەم لەخۆ دەرچونە بەدرێژایی مێژوی نوسین و ئەدەبیات لای هیچ نوسەرێك نەبینراوە , ئەو تەنیا ئیمپراتۆرێکی نوسینە کە لەدەق دەردەچێت و لەناو خەیالاتی شیعرەوە دێتە ناو واقیع , کەسایەتی نایابترین وەك شعرەکانی دەدات بەخۆی,

لەبەرامبەر ئەمدا حەزرەت هەمان لەخۆ دەرچون لەناخی و دەربڕینیدا هەستی پێدەکرێت و چەکەرەی کردوە بەڵام ناکرێت و ناتوانین بڵێین لەخۆ دەرچونەکەی نالی لەم خاڵەدا دەگاتەوە بە متنبی , بەڵام ئەم لەخۆدەرچونەی نالیش هەمان ڕێگاکەی متنبی یەو کەمێك سادەتر , نەگەیشتۆتە ئەو پلەیەی متنبی کە خەڵکانی تر بەسوك سەیر بکات وەك دەڵێت:

نالی حەریفی کەس نیە , ئیلف و ئەلیفی کەس نیە
بەیتی ڕەدیفی کەس نیە هەرزە نویسە گەپ دەکا

لێرەدا نالی بانگەشەی ئەوە دەکات کە نە شاگردی کەسەو بگرە زۆر لەوەش زیاتر کەس هاوەڵی نالی نیەو ناتوانن بێنە ئەو مەقامەوە کە نالی تێدایە, نالی بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم یاری بەنوسین دەکات و دەسەڵاتێکی گەورەی نوسینی هەیە , بەهەمان شێواز نالیش دەکەوێتە ئەم قۆناغەوە کە کە کەسانی تر هاوشێوەی ئەم نین و کەسیش لەم بەرزتر نیە بەهەمان ڕێگای متنبی, کە دەڵێت

(نالی حەریفی کەس نیە ) ئەویش دەڵی( فما أحد فوقي ) پاشان ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە کەس هاوشێوەیان بێت بە دو دێڕی (ئیلف و ئەلیفی کەس نییە )و ( ولا أحد مثلي).

هەروەها پێویستە ئەوە بڵێین متنبی مغرور ترە لەم خاڵەدا بەوەی ئەو خۆی و شعرەکانیشی بە هاوشێوەی کەس نازانێ بەڵام ئەم هەستە لای نالی شتێك کەمترە و تەنها شعرەکانی بەهاوشێوەی شعری خەڵك نازانێ.

خاڵی سێهەم: (هەردو شاعیر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زۆر بە ئاسانی شیعر دەنوسن بەڵام خەڵکێکی تر زەحمەت ئەکێشن بۆئەوەی لەماناکانی بگەن )

متنبی دەکەوێتە پیاهەڵدانی ئاسان نوسی خۆی و دەڵێت

أنام ملىء جفوني عن شواردها

ويسهر الخلق جراها ويختصم[ix]

ڕەخنەگرانی عەرەب پێیان وایە واتای ئەم بەیتە ئەوە دەگەیەنێت کە بڵێت (من شعر زۆر بە ئاسانی دەنوسم بەڵام خەڵکی تابەیانی ئێشك دەگرن تەنیا بۆ ئەوەی لێی تێبگەن, تابەیانی مجادەلەی دەکەن )

هەروەها ئەم بەیتە ئەتوانرێ بوترێت ئەوەش دەگەیەنێت کە مەبەستی بێت بڵێ زۆر بە ئاسانی ئەتوانێ ماناو وشەی جوان بەکار بێنێ بەڵام کەسانی تر کە شیعر دەنوسن زۆر بەزەحمەت دەتوانن ئەوەبکەن مەگەر تابەیانی ئێشك بگرن ئەوسا گەر بتوانن ئەو ئاسانیەی من بنوسن.

لەبەرامبەردا هەمان مانا لای نالی و بە لەخۆ دەرچونێکی زیاترەوە دەبینرێتەوە وەك دەڵێت:

نالی بەداوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر

بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە

نالی لێرەدا بەهەمان شێوەی متنبی دەڵێت من بەم ئاڵۆزیەی شیعرەکانم نەوەك هەر بۆ خەڵکی ئاسایی بەڵکو بۆ شاعیرانیش سەد داوم ناوەتەوە ناتوانن بگەن بەم جۆرە نوسینەی من ,

هەروەها لەشوێنێکی تردا دەڵێت:

ظاهیرو باطن لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز

ئاشنای سیری قەلەم بێ غەیری نالی کەس نەما

لێرەشدا حەزرەت ئەو پلەیە ئەدات بەخۆی کە تەنها هەر ئەو نهێنیەکانی شیعر دەزانێت و قەلەم بە ئاسانی بەدەست ئەمەوە دێت و غەیری ئەم کەسێك لەمەیداندا بونی نیە.

لەم خاڵەدا هەردو شاعیر بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە خەڵکیان هەمو بەشیعرەکانیانەوە سەرقاڵ کردوە بەڵام نالی لێرەدا غرورەکەی زۆر لە متنبی سەرکێشانەترە چونکە پێی وایە نەوەك خەڵکی بەڵکو شاعیرانیشی سەرقاڵکردوە, داوێکی وەهای بۆناونەتەوە کە نەتوانن لێی ڕزگار ببن, بەجوتە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە هەر ئەوانن شیعر بە ئاسانی دەنوسن و شارەزای زمانن, ئەوەی تێبینی دەکرێت لێرەدا متنبی کەمێك بەسۆزترە بۆ خەڵکی چونکە گریمانەی ئەوە دادەنێت ئەگەر شەونخونی بکەن ڕەنگە بگەن بەوەی کە ئەم بە ئاسانی دەینوسێت, بەڵام نالی زۆر بە غرورەوە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە بەهیچ شێوازێ کەس توانای ئەوەی نیە بگات بە نالی.

**خاڵی چوارەم: (هەردو شاعیر پێیان وایە لە غوربەتدان بەڵام ئەو غوربەتەی کە کەس بە هاوشێوەی خۆیان نەزانن و کەس لێیان تێنەگات بەو پێیەی ئەمان لەهەمو کەسەکان گەورەترن, کە گەورەی و غرور لەئەنجامدا بۆتە هۆی دروستکردنی ئەو غوربەتە)**

**متنبی ئەو پیاوەیە کە هەمیشە لەغوربەتا بوە بەو هۆیەی کە مەبەستی بوە بڵێت مرۆڤە گەورەکان هەمیشە غەریبن و کەس ناتوانێت ببێتە هاوەڵیان هەرچەندە خەڵکانی زۆر لەدەوریانبێت,**

أنا في أمة تداركها الله
غريب كصالح في الثمود [xiii]

**لەم بەیتەدا متنبی خۆی هێندە بە غەریب و نامۆ پیشان دەدات, خۆی ئەخاتە هاوشێوەی صالح ی پێغەمبەرەوە کە لەناو گەلی سەموددا چەند تەنها و نامۆ بوە و گەلەکەی دژایەتیان کردوەو کەس لێی تێنەگەیشتوە, غوربەتی متنبی گەیشتۆتە ئەوەی لەشوێنێکی هێندە بەرزەوە سەیری کەسانی تری کردوە گەیشتۆتە ئەو غوربەتەی کە کەس پێی ناگات,تا دەگاتە ئەوەی کە بڵێت هێندە گەورەم ئێستا زوە ئەم خەڵکانە لەمن بگەن کە من کێم, رۆژێك دێت بگەنە ئەوە, وەك دەڵێت**

سيعلم الجمع ممن ظم مجلسنا
بأنني خير من تسعى به قدم[xiv]

**ئەم هەستکردن بەغوربەتەی متنبی لەئەنجامی ئەوەدایە کە خۆی هێندە بە پاڵفتەو شیاو دەزانێت و خەڵکی تریش بە بچوك, کەلەم بەیتەدا بەتەواوی نێرگسیەتی ئەم شاعیرە رەنگ دەداتەوە,**

**بەهەمان شێوەش لەبەرامبەردا نالی دێتە گۆ و باس لەوە دەکات کە ئەم چەند غەریب و تەنهایە بەوەی کە زۆر لەزەمانێکی دورەوە شیعر دەڵێت و کەس لێی تێناگات چونکە نالی خۆی لەو ئاستە بەرزەدا ژماردوە کە لێتێگەیشتنی وا ئاسان نەبێت بۆیە ئێستا لە ئەنجامی ئەو زۆر وتن و کەم فەهمیەی خەڵکەوە بۆتە غەریبێك و لە دنیایەکی غوربەتی خۆیدا خامۆش بوە,**

**عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم**

**زۆرم وت و کەس تێینەگەیشت ئێستە خەمۆشم**

**لەم دو دێڕەدا ئەگاتە ئەوەی کە نوسینەکانی هێندە بەرز سەیر بکات و پێیان بڵێت توحفە کە ئەم نوسینە دانسقانە وایکردوە کەس بە ئاسانی لەنالی نەگات و لەناو خامۆشیدا بمێنێتەوە,**

**جیاوازی غوربەتی نالی و متنبی لەوەدایە متنبی غوربەتەکەی لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە خەڵکانی ناوچەکەی بەدوژمن و دژایەتی کەری خۆی ناو دەبات بەوەی متنبی خۆی ئەکات بە صالح پێغەمبەر و گەلەکەشی دەکات بە سەمود کە ئەم گەلە دوژمنایەتی صالحیان دەکرد, بەلاّم لای نالی شێوازێکی ترە و دەڵێت خەڵکانی دەورم لێم ناگەن بۆیە غەریبم,**

# داواکردنی پێغەمبەرایەتی

**هەردو شاعیر هەریەکەو بەجۆرێك لەجۆرەکان داوای پێغەمبەرایەتیان کردوە, متنبی دوای ئەوەی غرورەکەی گەیشتە پلەیەکی بەرز (کەوتە بانگەشەی ئەوەی کە ئەم کتێبێکی بۆ هاتوە وەك قورئان وە ئەم بانگەشەیەی لەناو هۆزی بنو کلیب دا کرد) , وە ئەم بابەتی پێغەمبەرایەتیە گەلێك قسەی زۆری لەسەرە بەڵام ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە یەکێکە لەبابەتە دیارەکانی ژیانی متنبی و لەگەڵ باسکردنی ناو و شیعرەکانی متنبی دا بابەتی پێغەمبەرایەتیەکەشی دێتە پێشەوە, لەبەرامبەر متنبی دا مەلا خدریش ئەو هەستەی کە هەییوە بەرامبەر بە نوسینەکانی کە جۆرێکن لە موعجیزەو لە ئاستی موعجیزەی پێغەمبەرەکاندابێت وەك دەڵێت:**

**نالی یەك و ئەوکەسەی کە تەمامی غەزەلی بیست**

مەعلومی بوە زۆری و کەمی خاریقی عادات

لێرەدا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت و دەڵێت هەرکەسێ تەواوی قەصیدەکانی من ببیستێ ئەوسا دەزانێ کە موعجیزەیەکی تر دوبارە بۆتەوە وەك محمدی مەلا کەریم دەڵێت( لەم بەیتەدا نالی شیعرەکانی دەباتە ئاستی موعجیزەی پێغەمبەران )

جێگای خۆیەتی لێرەدا ئەوە بگوترێت, هەمان هەستی ئەوەی کە شعرەکانیان موعجیزەیە بۆ لای متنبی گەیشتە ئەوەی کە داوای پێغەمبەرایەتی بکات , بەڵام لای نالی خامۆش بویەوە و جگە لەبەیتێ شیعر هیچی تر نەبو کە ئاشکرایە هەمو بەیتە شعرێکی نالی قەناعەتێکی قوڵو باوەڕبونێکی قوڵی بەخود لە پشتەوەیە, ئاشکرایە نالی لەکۆمەڵگایەکی کوردی مسوڵماندا ژیاوە کە ئەم دیاردەیە و باسکردنی پێغەمبەرایەتی تەواو نامۆ بوە بەم کۆماڵگایە, پاشان کەسایەتی نالی کە کەسێکی دینی و مەلا بووە هۆکار بون بۆ ئەم خامۆش بونە, جیاواز لەو کۆمەڵگا (قرمطي) یەی متنبی کە ڕۆژانە دەبینرا خەڵك بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد, بوبوە دیاردەیەکی ئاسایی.

## شۆڕشی ئەم دو شاعیرە

متنبی ئەو شاعیرەیە کە هەمیشە غرور لە شیعرەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە ئەو پیاوەی غروری لەناو شعرەوە هێنایە ناو واقیعی ژیانی خۆیەوە , ئەو غرورە وای لێکرد کە هەستێت بە شۆڕشێکی واقعی و شۆڕشێکی چەکدار و دور لە دنیای خەیاڵی شیعر ( مێژو نوسان دەڵێن متنبی دوجار هەستا بە شۆڕش کردن جارێك لە سەماوەو جارێك لە کوفە ) ڕەنگە ئەوە وای لە متنبی کردبێت کە هەستێت بەو شۆڕشە کە بینی خەڵکانی غەیری عەرەب دەسەڵاتیان گرتەدەست, نامەوێ لێرەدا باس لە چۆنیەتی و شێوازی شۆڕشەکەو سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی بکەم , ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە متنبی غرور گەیاندیە ئەوەی بە واقعی شۆڕش بکات و خۆی لەهەمو کەس بەشیاوتر بزانی بۆ دەسەڵات.

لەلایەکی ترەوە نالی هەستا بە شۆڕش کردن بەڵام شۆڕشی نالی لەسنوری ئەدەبیات و خەیاڵ دەرنەچو, لەلایەکەوە شۆڕشی بەو تازەگەریە کرد کە هێنایە ناو شیعری کوردیەوە کە لەسەر کێشی شانزە بەحرەکەی عەروزی عەرەبی شیعری کوردی نوسی و پاشان لەناو دنیای خەیاڵی خۆیدا خۆی کرد بە پادشاو تەختی بۆخۆی دروست کرد, کە ئەمانە ئەکرێ بوترێت بیرێکی شۆڕشگێڕانەی لە پشتەوەبوە بەهەمان شێوەی بیرەکەی متنبی بەڵام هەلومەرجی نالی وەك هەلو مەرجی متنبی لەبار نەبوە تا ئەو خەیاڵە وەك متنبی بوێرانە بێنێتە ناو واقعەوە,

وەك دەڵێت:

ضابیتەی تەبعم سوارە , ئیددیعای شاهی هەیە
محتشەم دیوانە , داوای تەختی خاقانی دەکا

لە کۆتایدا پێویستە بوترێت متنبی لەساڵی 354 ی کۆچیدا کوژراوە, نالیش لەسالی 1856 ی میلادیدا کۆچی دوای کردوە, ئەم جیاوازیەش کە هەیە لە نێوانیاندا ئەکاتەئەوەی نزیکەی هەزار ساڵ متنبی لە پێش نالیەوە ژیاوە , ئەکرێ بگەینە ئەو ئە نجامەی بڵێین نالی کاریگەری متنبی بەسەروە بوە بە پێی ئەو کۆمەڵە لایەنەی باسکران و بەو پێیەش کە مامۆستا علادین سجادی ئاماژەی بەوە داوە کە( نالی شارەزای زمان و ئەدەبی عەرەبی بوەو کە ئەمەش کاریگەری لەسەری هەبوە و کاریگەریشی کردۆتە سەر شیعرەکانی )

[i] دور الأدب المقارن في توجيه دراسات الأدب المعاصر/د.محمد غنيمي هلال ل15
[ii] ديوان المتنبي /دار الجيل/بيروت/ 373
[iii] هەمان سەرچاوەی پێشو ل373
[iv] دیوانی نالی ل 481
[v] مێژوی ئەدەبی کوردی/د.مارف خەزنەدار/بەشی3/ل 80
[vi] ديوان المتنبي/14
[vii] هەمان سەرچاوەی پێشو 40
[viii] دیوانی نالی /100
[ix] ديوان المتنبي/ 332
[x] تاريخ الادب العربي /د.عمر فروخ/467
[xi] دیوانی نالی/555
[xii] هەمان سەرچاوەی پێشو /131
[xiii] ديوان المتنبي /22
[xiv] هەمان سەرچاوەی پێشو 164
[xv] دیوانی نالی/280
[xvi] المتنبي/صادق صالح العاني/55
[xvii] دیوانی نالی/ 145
[xviii] نالی لەکلاو ڕۆژنەی شیعرەکانیەوە/محمد ملا کریم/67
[xix] تاريخ الأدب العربي/ حنا فاخوري/599
[xx] دیوانی نالی/ 102
[xxi] بڕوانە : دەقەکانی ئەدەبی کوردی /علادین سجادی/85